جەمال کچەر: هیچ ڕگرییەك بۆ ناردنی 700 ملیارەکەی نییە

ئەندامکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، هیچ ڕگرییەك بۆ ناردنی 700 ملیارەکەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نییە.

جەمال کچەر ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق لە کنفرانسکی ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆ (دووشەممە 4ـی کانوونی یەکەمی 2023) رایگەیاند، ناردنی 700 ملیارەکەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری لێداوە، نەوەزیری دارایی عێراق نەهیچ کەسکی دیکە مافی ئەوەی نییە ئەو بڕیارە ڕابگرێت.

هەروەها وتیشی: "پێم وایە ئەم هەفتەیە بڕی 700 ملیارەکە ڕەوانە دەکرێت".